

## یەریڤان:

# هیچ شتێک لە هونەر ساردم ناکاتەوە

یەریڤان نورەدین، ساڵی ١٩٩١ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، بەشی میوزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ئێستا خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی هونەرە لە زانکۆی سلێمانی، هاوکات ژەنیاری هەریەک لە ئامێرەکانی ساز، تار و پیانۆیە. وەک خۆی باسیدەکات لە تەمەنی چوار ساڵی خولیای هونەر بووە، دواتر بەشداری خولی هاوینەی منداڵپارێزی کوردستانی لە بەشی میوزیک کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری فیستیڤاڵی کۆرس و گۆرانی منداڵانی کردووە. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.

دیمانە: زیاد کەریم

*** دەڵێن تەمەنی منداڵیت جیاواز بووە لەگەڵ منداڵانی دیکە و لە تەمەنی منداڵیش وەکو گەورەیەك رەفتارت کردووە، هۆکار چی بووە؟**

-من تەمەنی چوار ساڵیم بیر دێتەوە، ئەو کاتە هەمیشە ماڵێکی بێدەنگمان هەبووە و کەشوهەوای ماڵەکەمان بێدەنگی تێیدا زاڵ بوو، باوکم هەمیشە گوێی لە گۆرانی رۆژهەڵاتی دەگرت، رەنگە ئەمە هۆکاری ئەو رەفتارانەی من بێت، زۆر شتی ئەو سەردەمە ئێستاش کاریگەریی بەسەر منەوە هەبووە بۆ نموونە بێدەنگی و حەز کردن بە گۆرانی رۆژهەڵاتی و زۆر شتی دیکەش.

*** ئەو پرسیارانە چی بوون کە لە منداڵیدا لە خەیاڵتدا دەخولانەوە و دەتویست بیکەی، بەڵام ئەو بێدەنگییە رێگر بووە لەبەردەمت بۆ ئەوەی نەیدرکێنی؟**

-ئەوەی بیرم بێت لە منداڵییەوە تا ئێستاش، بەڵام بە رێژەیەکی کەمتر بەردەوام بیرم لە گەردوون کردۆتەوە، گەردوون چییە و چۆن دروستبووە، زۆر بە قووڵی دەچوومە نێو ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، هەروەها بە منداڵی زۆر بە شەو و ئێواران کاتی خۆر ئاوابوون دڵم تەنگ دەبوو و حەزم لەم دوو کاتە نەبوو هۆکارەکەشی نازانم چی بوو، کە ئێوارە دەهات هەندێك جار دەگریام و دەخەوتم، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە حەز دەکەم گشت کارەکانم بە شەو ئەنجام بدەم تەنانەت نان خواردنیشم بە شەوان پێخۆشترە بگرە حەز ناکەم بە شەو بخەوم و بە هیوام لە داهاتوودا بتوانم گۆرانی بۆ شەو بڵێم.

*** لە منداڵیدا حەزت کردووە بگەیت بە لوتکە و ببیت بە کەسێکی ناسراو، لە ئێستادا ئەو حەز و خولیایەت بە کوێ گەیشتووە؟**

- راستە، خۆشە کە بگەیت بە لوتکەیەك کە تۆ بە تەواوی هەست بکەی خزمەت بە شتێك بکەی کە سوودی بۆ وڵاتەکەت و ئەو بوارە هەبێت کە تۆ کاری تێدا دەکەی، خۆشبەختانە بەپێی ئیش کردنم تا ئێستا بۆ من باش بووە، چونکە هەست دەکەم لە بواری گۆرانی و موزیك لە سەرەتادام، من دەمەوێ زیاتر ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی منە گوێ لە بەرهەمەکانم بگرن، بەڵام حەزی من بەوەی لە لوتکە بم ئەوە ناگەیەنێت کە من ببم بە ئەستێرەیەکی ناسراو لە نێو خەڵك، لە کوردستان ئەستێرەمان هەیە، بەڵام بەرهەمەکانی لەو ئاستەدا نییە کە مایەی گوێگرتنی هەموو خەڵك بێت.

*** تۆ لە کامە قۆناغی خوێندن بەر خۆشەویستی کەوتی؟**

- درۆیە گەر بڵێم من تا ئێستا کەسێکم خۆش نەویستبێ، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا کەسێکم بە دڵ بوو کە دەیبینم و هاورێمە بێ ئەوەی پەیوەندیمان هەبێت وەك ئەوەی بڵێی شتێکی رۆحی و خەیاڵی بێت، لە خۆشەویستییەکی تاکلایەنەدا ژیاوم، تا ئێستاش ئەم خۆشەویستییەم نەدرکاندووە، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە بڵێم ژیانمی داگیر کردووە، چونکە شتێکی سەرەکی نەبووە لە ژیانم و زۆر گوێم پێنەداوە، نامەوێ لە یەك رووەوە تێڕوانین بۆ عەشق بکەم، کاتێك تۆ عاشقی کەسێك دەبیت مەرج نییە ئەوە تەنیا پەیوەندییەکی خۆشەویستی باو بێت و یەکسەر بیر لە هاوسەرگیری بکەیتەوە.

*** تایبەتمەندییەکانی شاسواری خەونەکانت چین؟**

-ئەگەر لە داهاتوو بیر کردنەوەم گۆڕا و گەیشتم بە خەونەکانم و بیرم لە ژیانی هاوسەریی کردەوە، بێگومان حەز دەکەم لە بواری هونەریدا ئیش بکات، چونکە تێگەیشتنی زیاتری بۆ کاری من دەبێت جگە لەوە تەنیا نامەوێ خیانەتم لێ بکات، چونکە خیانەت زۆر قورسە، نە کێشەم لەگەڵ رەزیلی و دڵپیسی و هیچ گرفتێکی دیکە نییە.

*** لە گەردەلوول وەك ئەکتەر دەرکەوتی، بە نیازی بەردەوام بی لە نواندن؟**

- من هەست دەکەم گەیشتوومەتە قۆناغێك کە دەزانم چیم دەوێت، کاری من تەنیا گۆرانی وتنە، حەز دەکەم دەرفەتم بۆ بڕەخسێ و تووشی هیچ گرفتێك نەبمەوە بۆ ئەوەی بتوانم ساڵی هیچ نەبێت دوو بەرهەم پێشکەش بکەم کە لە هەموو تەمەنەکان بە دڵیان بێت.

*** گەردەلوول وای لێکردی یەکەم گۆرانی تۆمار بکەی و پێشکەشی بکەی؟**

- پێش گەردەلوولیش من گۆرانیم بۆ هونەرمەندێك گوتووەك ئەو کاتە دەنگم پاکتر بوو، وتی تۆ بێگومان دەبی گۆرانی بڵێی منیش زۆر خۆشحاڵ بووم، کە بەشداریم لە (گەردەلوول) کرد مامۆستا جەلیل دەنگی من زۆر بە دڵ بوو ئەمەش وایکرد کە شەرم نەکەم لەبەردەم کامیرا، چونکە بە شەرم کردن دەنگت زۆر تێکدەچێت، دواتر دەم بیست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیجەکان رەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە نێو جەماوەر، هەرچەندە من لە ٢٠١٢ بەرنامەم هەبوو کە کارێکی تایبەتی خۆم ئەنجام بدەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بۆم نەدەرەخسا کە ئەم کارە بکەم.

*** یەکەم بەرهەمت چۆن بڵاوکردەوە؟**


-یەکەم بەرهەمی خۆم گۆرانی (نەچوو) یە کە گۆرانیەکی لووڕییە و سەرەتا لە لایەن هونەرمەندی گەورەی کۆچکردوی کورد حیشمەتوڵڵای لۆر نەژاد، وتراوەو ئاوازی بۆ دانراوە. گەورەیی و جوانی ئەو گۆرانییە و ئەو هونەرمەندە وای لێکردم کە دووبارە بە شێوازێکی نوێوە کاری تیا بکەم، هەرچەندە من دڵۆپێك نیم لەو دەریایەی دەنگی ئەو گەورە هونەرمەندە، بەڵام بە هیوام بە دڵی هەموو لایەك بێت».

*** گرفت و ئاستەنگەکان ساردت ناکەنەوە لە کاری هونەری؟**

- هەرگیز هیچ شتێك لە هونەر ساردم ناکاتەوە وەك نەبوونی سپۆنسەر و بێ بەڵێنی، رەنگە لە چواردەورەکەت کۆمەڵە شتێك هەبێت ساردت بکەنەوە، بەڵام هیچ شتێك من سارد ناکەنەوە لە کاری هونەری.

**کاری من تەنیا گۆرانی وتنە، حەز دەکەم دەرفەتم بۆ بڕەخسێ و تووشی هیچ گرفتێک نەبمەوە بۆ ئەوەی بتوانم ساڵی هیچ نەبێت دوو بەرهەم پێشکەش بکەم کە لە هەموو تەمەنەکان بە دڵیان بێت**

**درۆیە گەر بڵێم من تا ئێستا کەسێکم خۆش نەویستبێ، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا کەسێکم بە دڵ بوو کە دەیبینم و هاورێمە بێ ئەوەی پەیوەندیمان هەبێت وەک ئەوەی بڵێی شتێکی رۆحی و خەیاڵی بێت، لە خۆشەویستییەکی تاکلایەنەدا ژیاوم**





# جنیڤەر لۆرانس بە توندی دژی گەندەڵی دەوەستێتەوە

رەخنەگرتن لە حکومەتی ئەمریکا لەلایەن هونەرمەند و ئەستێرەکان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دوای هاتنی دۆناڵد ترەمپ خەریکە دەبێتە دیاردە، دوایینیان ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆد جنیڤەر لۆرانس بوو کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک هێرشێکی توندی کردە سەر حکومەتی ئەمریکا و بە گەندەڵی تۆمەتباری کرد.

لۆرانس هەڵوێستێکی توند و یەکلاکەرەوەی نواندووە و لە فەیسبوک نووسیویەتی: زۆر کەس لە حکومەت هەن دەسەڵات و پارەیەکی زۆریان هەیە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن، نەك بۆ بەرژەوەندی میللەتی ئەمریکا.

لۆرانس لەگەڵ نووسینەکەی ڤیدیۆیەکی بڵاوکردبۆوە و باس لە کچێك دەکات کە کچەکەی خۆی لە نەشتەرگەری کردنەوەی دڵ لە دەستداوە بە هۆی کەمتەرخەمی کارمەندانی نەخۆشخانەیەك، هەرچەندە ئەم نەخۆشخانەیە پاداشتێکی زۆر وەردەگرن بۆ هەندێك جۆری نەشتەرگەری، لەوانەش نەشتەرگەری کردنەوەی دڵ، کەچی بەرپرسان پێی دەڵێن ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە بەرژەوەندیی نەخۆشدا نییە.

لە لایەکی دیکەوە لۆرانس رایگەیاند کە هیچ جۆرە لێك نزیکبوونێکی لەگەڵ خانمە ئەکتەری کۆچ کردووی میسری زوبێدە سەروەتدا نییە، بەڵام خزماتییەکی پلە سێ لە نێوان خۆی و ئەکتەر جێرمی رینەردا هەیە.



# حەسنا مەتەر (خلی ایدک بایدی) دەردەکەوێتەوە

خاتوونی گۆرانیبێژی لوبنانی حەسنا مەتەر لە ئێستادا خەریکی بەرهەمێکی نوێیە ئەویش وێنەگرتنی کلیپێك بەناوی (خلی ایدك بایدی).

حەسنا مەتەر لە لێدوانێکی تایبەت گوتی: نوێترین گۆرانیم بەناوی (خلی ایدك بایدی) وێنەگرتووە، ئەم گۆرانییە لە شێوەی فیدیۆ کلیپە لە دەرهێنانی جۆرج بوعەبدۆ، هۆنراوەی د.میشال جحا و ئاوازی جۆزیف جحا، دابەشکردنی باسم رزق و تۆمار کردنی ئیلی بەربەرە. حەسنا مەتەر گوتیشی: گۆرانییە نوێیەکەم لە ناوچەی تەنورین و شاتین لە لوبنان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ وێنەگرتووە.

کلیپە نوێیەکەی حەسنا مەتەر لەگەڵ ئەوانی پێشوو جیاوازی هەیە، چ لە شێوەی دەرهێنان، چ وەك ستایلی هونەرمەند کە یەکەمجارە کار لەگەڵ دیزاینەرێکی جۆن بیار لەحود دەکات.

جێی باسە، دوایین کاری حەسنا مەتەر تۆمارکردنی بەرهەمێك بوو بۆ پێشمەرگە بەناوی (حیوا رجال الپیشمەرگە) لە هۆنراوەی کەریم عێراقی، ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ دانابوو. مەتەر لە رۆژی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە شاری هەولێر لەبەردەم بەرپرسانی سیاسی و ئیداری گۆرانییەکەی پێشکەش کرد.

حەسنا مەتەر لە وڵاتی لوبنان لەدایك بووە، زیاتر لە ٤ ساڵە ژیان لە کوردستان بەسەر دەبات، هەر ئەوەش وایکردووە لە لوبنان بە باڵیۆزی گۆرانی کوردی- لوبنانی بناسرێت، خۆیشی کوردستان بەوڵاتی دووەمی خۆی دەزانێ، لەو ماوەیەدا چەند بەرهەمێکی بڵاوکردۆتەوە تێیدا گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی وتووە.



# بورجی ئەکلای لەلایەک جیابۆوە و لەو لاوە دەستی پێکردەوە

دوای راگەیاندنی جیابوونەوەی خانمە ئەکتەری ناسراوی تورکی بورجی ئەکلای و سارب لیڤندۆی، دەستی بە مامەڵەکانی تەڵاق و جیابوونەوە کرد و کۆتایی بە کارە یاساییەکانی هێنا، تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا دەژیت و ناوی ئەو کەسەش ئاشکرا کراوە کە ئێستا پەیوەندییان هەیە.

بورجی کە بە (سەلوا) ناسراوە لە زنجیرە درامای (مهب الریح) ئێستا پەیوەندی خۆشەویستی هەیە لەگەڵ جان تۆنالی کە سەماکارێکی باڵێیە و ئەم پەیوەندییەش سەرەتا هاورێیەتی و ئاسایی بووەو بەر لە جیابوونەوەی لە هاوسەری درووست بوون، بەڵام دواتر پەرەی سەند و بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە هەردوو لا ئێستا پەیوەندییەکەی نێوانیان خۆشەویستییە.

سەرەتا هەردوو لا حەزیان نەدەکرد میدیاکان بەم پەیوەندییە بزانن، بەڵام دوای ئەوەی تۆنالی وێنەیەکی خۆیانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە، ئاشکرا بوو، سەرەڕای ئەمەش هیچیان بەشێوەیەکی فەرمی هیچ شتێکیان رانەگەیاندووە.

شایەنی باسە جیابوونەوەی بورجی ئەکلای و سارب لیڤندۆی مشتومڕێکی زۆری دروستکرد، چونکە پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەهێز بوو دوای ئەوەی بەشدارییان لە زنجیرە درامای (ئاغای بچووك)دا کرد و سەرکەوتنێکی بێ وێنەیان تۆمار کرد.



## برادەر:

# هەموو شتێک بووەتە ڕیکلام و هونەریش بە ڕیکلام پێش ناکەوێ

هونەرمەند برادەر لە ساڵی ١٩٥٨ ناوچەی مێردین لە خانەوادەیەکی هونەردۆست هاتۆتەدنیا، لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری وان بە تۆمەتی گوتنی گۆرانی کوردی زیندانی کراوە، دوای ١٢ ساڵ ناچار بوو کوردستان جێبهێڵێ و ڕووی لە وڵاتی هۆڵەندا کرد، جگە لە گۆرانی گوتن شیعر دەنووسێت و لە چەندین فیلمدا وەک ئەکتەر بەشداری کردووە لە هۆڵەندا، ئێستاش هەر لەو وڵاتە ژیان بەسەر دەبات، ئێمەش وەک گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین.

*** بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

- بەداخەوە هەموو شتێك بووەتە ریکلام و پارە، هونەریش تەنیا بە پارە و ریکلام پێش ناکەوێ، ئەم هونەرە کاتییە و دوای ماوەیەك لەبیر دەکرێ، ئەگەر یاسایەك نەبێت وەکو هونەرمەند مافەکانت بپارێزێت، چۆن هونەر پێش بکەوێت؟ من چەند بەرهەمێکم لە کوردستان تۆمارکرد، دوای ماوەیەك لە زۆربەی کەناڵ و رادیۆکان گۆرانییەکەم بڵاوکراویەوە بێ ئەوەی یەك دۆلاریشم بۆ بگەڕێتەوە.

*** پێتوا نییە هونەرمەندانیش کەمتەرخەمن لەم ڕووەوە؟**

- بەڵێ، رەنگە ئەوانیش هۆکارێك بن لەو بارودۆخەی ئێستای هونەر کوردی، چونکە بەشێك لە هونەرمەندان گۆرانییەکانیان بەردەوام نمایش دەکرێت لە کەناڵەکانی راگەیاندن کە رەنگە لە ئاستی پێویستیشدا نەبن، بەڵام گۆرانیش هەیە لە بەرزترین ئاستە و نمایش ناکرێ.

*** چۆن دەتوانین هونەری کوردی رزگار بکەین لە گرفتانەی ئێستا تێیکەتووە؟**

- گرنگترین کار بۆ پێشخستنی هونەر بریتییە لەوەی کە بەردەوامی پێ بدرێت لە کوردستانی ئازاد دەرفەتی باش هەیە، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوەی لە دەستمان هەیە بەکار بهێنین، بەڵام هونەر و هونەرمەندان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ بەردەوامی، هەروەها گرنگترین شت ئەوەیە کە رێز لە هونەرمەندان بگیرێ و ئەرك و ماندووبوونەکەیان لەبەرچاو بگیرێت.

*** زانیاریتان دەربارەی سینەمای کوردی و ئاستی سینەمای کوردی چۆنە؟**

- خۆم لەگەڵ مۆسیقا کاری شانۆ و سینەماش دەکەم، لە زۆر فیلم لەگەڵ هۆڵەندی و ئەڵمانییەکان ڕۆڵم بینیوە، بێگومان سینەمای کوردی ئێستا هەنگاوی باش نراوە جۆرێك لە دەرکەوتنی سینەمای کوردی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و بەردەوام فیلم بەرهەم دەهێنرێت و لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان بەشدارییان کردووە و گەیشتوونەتە فیستیڤاڵی کان ئەمەش کارێکی زۆر باشە، بەڵام سینەما ئەو بەشە گرنگەی هونەرە کە پێویستی بە پارەیەکی زۆر، پسپۆریەتی، فێربوون وخوێندن خەبات ماندووبوونێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدرێت.

*** دوایین کاری سینەمایی کە بەشداریت تێدا کردبێ چییە؟**

- بەر لە چەند مانگێك بەشداریم لە فیلمێکی کوردیدا کردووە بە ناوی (زاگرۆس) لە دەرهێنانی سەهیم خەلیفە، فیلمێکی کۆمەڵایەتییە باس لە ژیانی کورد دەکات، لەبەر ئەوەی دوورگەی (کریت)ی یۆنانی لە زۆر ڕووەوە لە کوردستان دەچێت بۆیە لەوێ وێنەمان گرت، هونەرمەند فەیاز دۆمان کە خەڵکی باکووری کوردستانە و حەلیمە یەلتەر کە لە ئەڵمانیا هاتبوو و لەوێ زۆر بە باشی ناسراوە و ژمارەیەك ئەکتەری دیکە لە فیلمەکە بەشدارن.

*** بۆچی دەرکەوتنت لە فیلمە کوردییەکان وەکو پێویست نییە؟**

- ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی میدیاکانی کوردستان بە کارەکانمان، چونکە من پێشتر بەشداریم لە زنجیرە درامایەکدا کردووە بە ناوی (کوڵانەکانی غەریبی) کە پێنج ئەڵقە بوو و نمایش کرا، لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەم جار بەشداریم لە فیلمێکی درێژی هۆڵەندیدا کرد کە ماوەکەی ٩٠ خولەك بوو، ئەم فیلمە حەوت خەڵاتی بەدەستهێنا، دواتر بەشداریم لە فیلمی (شۆڕش و شیرین) کرد کە باس لە هەڵەبجە دەکات لە بەرهەمهێنانی زانکۆی هامبۆرگ بوو، ئینجا لە فیلمێکی دیکە بەشداریم کرد بە ناوی (گەنگستر بۆی) و چەندین فیلمی دیکە کە هەموویان بە زمانی هۆڵەندی بوون.

*** چوونی تۆ بۆ نێو بواری سینەما لە هۆڵەندا چۆن بوو؟**

-کاتێك لە باکووری کوردستان بووم لە بواری شانۆم خوێندووە، بەڵام چوونم بۆ نێو بواری سینەما بە ڕێکەوت بوو، لە هۆڵەندا ساڵی ١٩٩٥ فیلمێك بەرهەمهات بە ناوی (ئەو منداڵەی قسە ناکات) ویستیان کوڕەکەم ڕۆڵی تێدا ببینی، بەڵام کاتێك هاتنە ماڵی ئێمە و کوڕەکەمیان بینی وتیان ئەمە گەورەیە بۆ ڕۆڵەکە گونجاو نییە، ئەو کات دەرهێنەری فیلمەکە کە ناوی ( بەنسۆن بۆخارت) کە یەکێکە لە دەرهێنەرە ناسراوەکانی هۆڵەندا گوتی تۆ فەیسێکی سینەماییت هەیە بۆچی نایەی بەشداری بکەی منییش وتم لە سینەمای بەشداریم نەکردووە، بوڵام چوومەتە سەر شانۆ، وتی: ئاساییە ئێمە ژمارەیەك منداڵمان دۆزیوەتەوە، بەڵام هەندێکیان نازانن بە کورمانجی قسە بکەن و هەندێکی دیکەشیان کورد نین حەز دەکەین یارمەتیمان بدەی بۆ ئەوەی فێرە زمانی کوردییان بکەین، منیش چووم لە بواری وەرگێڕان و فێرکردن هاوکاریم کردن، بەڵام دەرهێنەرەکە وتی حەز دەکەم تۆ ڕۆڵی باوك ببینی، بەم شێوەیە هاتمە نێو بواری سینەما، لە هۆڵەندا نووسینگە هەن سیڤی لە ئەکتەرەکان وەردەگرن کاتێك ڕۆڵێکیان هەبێت و بزانن ئەو ئەکتەرە بۆ ئەم ڕۆڵە دەشێت بانگت دەکەن.

*** زیاتر چ ڕۆڵێکتان پێ دەسپێرن؟**

- ڕۆڵی بیانی و غەریبە، چونکە ئێمە لە ڕووی زمانەوە ناتوانین بە تەواوی وەك کەسێکی هۆڵەندی ڕۆڵەکان ببینین، بە هەمان شێوە کەسێکی هۆڵەندیش ناتوانێت ڕۆڵی کەسێکی بیانی یان پەنابەر ببینێت، بەداخەوە میدیای هۆڵەندی زیاتر گرنگی بە کارەکانمان دەدات و لە میدیای کوردی بەو شێوەیە نییە، جگە لە سینەما من لە شانۆش بەشداریم کردووە لە شانۆگەری (ئەو زەڵام) لە دەرهێنانی عادل هەیترووس کە باس لە کوشتنی ئافرەتان دەکات لەسەر شەرەف لە نێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە چەندین وڵات نمایشمان کرد و تەنیا لە هۆڵەندا (١٧٠) نمایش کرا، من حەزم کرد لە کوردستانیش نمایشی بکەم و داوایەکم پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد، بەڵام نەکرا.



